## کەژاڵ ئادەمی:

# بە نیازم لە گۆرانییە سنگڵەکانم بەرهەمێک بڵاو بکەمەوە

هەر لە منداڵییەوە هەستی بۆ شیعرو مۆسیقا دەجووڵا و کاتێك تەمەنی گەیشتە ٨ ساڵ دەستی بە خوێندنەوەی شیعری کوردی کرد و خوێندن و نووسینی کوردی لە ڕێگای خوێندنەوەی شیعرەکانی مامۆستا قانعەوە فێر بوو. زۆر جار شیعرەکانی مامۆستا قانعی کرد بە گۆرانی و هەستی پاك و ناسکی منداڵانەی خۆی پێ دەر دەبڕی.

کاتێکیش تەمەنی گەیشتە ١٥ساڵی دەستی بە ژەنینی ئامێری کەمان (ڤیۆلۆن) کرد و لە سەنتەری مۆسیقای «سەبا» دەستی بە خوێندنی تیۆری مۆسیقا کرد، کەژاڵ لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



**• بۆچی ماوەیەکە بەرهەمی سینگڵ بڵاودەکەیتەوە و بیر لە بەرهەمهێنانی سیدییەك ناکەیتەوە، ئایا تۆش وەکو هونەرمەندانی دیکە ئەم شێوازە بە باش دەزانی یاخود ئەمە تایبەت بە خۆت؟**

- بێگومان هەر هونەرمەندێك لەسەر هەر پرسێکی هونەری بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، هەست دەکەم لەڕێگای بەرهەمە سینگڵەکانمە دەتوانم پەیوەندیەکی زووبەزووتر و بەردەوامترم لەگەڵ جەماوەرەکەم ببێت. دیارە لە بەرنامەمدا هەیە لەداهاتوودا بەرهەمە سینگڵەکانم کۆبکەمەوە و لە ئەلبومێکیشدا بڵاویان بکەمەوە.

**• لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێی گۆرانی لەگەڵ شیعریش بەردەوامی؟**

- من و شیعرەکانم هاوڕێی دێرینی یەکترین و پەیوەندی نێوانمان بەردەوامە. خوێنی شیعر لە دەمارەکانمدایە و شیعر وەک هەناسەیە بۆم. جودا لە بەرهەمی گۆرانی لەم ساڵانەدا چەند بەرهەمێکی ئەدەبیشم بە شێوازی کلیپ بڵاوکردووەتەوە و هیوادارم بتوانم هەروا بەردەوام بم.

**• ئەو بەرهەمانەی بڵاویان دەکەیتەوە وەکو پێویست دەگەنە جەماوەر و سەرکەوتوون؟**

- لەم ساڵانەی دواییدا فەیسبووکم کردووەتە پردی سەرەکیی پەیوەندی خۆم لەگەڵ جەماوەرەکەمدا و تا ڕادەکیش باش بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەی جەماوەری من لە چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگان، بۆ ئەوەی بتوانم دەنگم بگەێنمە هەموویان پێویستم بە یارمەتی و پشتیوانی زۆرترە لەلایەن کەناڵە، کە هیوادارم لە داهاتوودا سەرنج و پشتیوانی زۆرتریان لێ‌ببینم.

**• چ کۆمپانیایەکی هونەریی هەیە کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمانە لە ئەستۆ بگرێت؟**

- زۆربەی هاوکارییەکانم ئێستا لەگەڵ ئەنستیتۆی مۆسیقای «سەبا»یە لە وڵاتی سوید. ئەوان ئەرکی بەڕێوە بردنی ئیشەکانمیان لەئەستۆ گرتووە.

**• بۆچی لە کوردستان ئەم بەرهەمانە کلیپیان بۆ ناکەی؟**

- من چەند ساڵێکە لە زانکۆ دەخوێنم و بەداخەوە ئەو مەجالەم نییە بۆ ئەنجامی پرۆژە هونەرییەکانم سەفەری کوردستان بکەم.

**• ئایا بڕوات بە توانای دەرهێنەرانی کوردستان نییە؟**

- لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار کلیپی زۆر باش و جوان دەبینم دڵنیام لە کوردستان هەندێک لە دەرهێنەرکانمان زۆر بە توانا و لێهاتوون.

**• لە خوێندن بە چی گەیشتی ؟**

- ئێستا لە زانکۆ ساڵی چوارەمی دەروونناسی دەخوێنم و دوو ساڵێکی ترم ماوە تا تەواو بوونی خوێندنەکەم. هیوادارم لەپاڵ ئیشە هونەرییەکانمدا بتوانم وەک دەروونناسێکیش تاکێکی بەسوود بم بۆ کۆمەڵگا.

**• ئایا تۆ وەکو کەژاڵ ئادەمی هیچ مەرجێکت هەیە بۆ کلیپ کردنی بەرهەمەکانت ؟**

- مەرجم ئەوەیە کلیپەکان دژ بە بڕوا بۆچوونەکانی خۆم نەبن و لەچوارچێوەی ئەخلاق و زەوقی خۆمدا بێت و کەژاڵ تێیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. هەمیشەیش کراوەم بۆ ئایدی و پێشنیاری جوان و بەدڵ ئاوەڵاییەوە وەریدەگرم.

**• بە هەموو مەرجەکانی دەرهێنەران رازی دەبی لە کاتی تۆمارکردنی کلیپەکانت؟**

- ئیشی کلیپ ئێشێکی هاوبەشە لەنێوان من و دەرهێنەر و هەربۆیە دەبێت هەردوولا ئازادی ئەوەمان بێت زەوقی خۆمان بەکار بێنین، بەڵام من وەکو کەسێک کە دەبێت وەڵامدەر بم بەرانبەر ڕەخنە و پرسیارەکان، دیارە ئەرکێکی قورسترم لەسەرشانە و مەرجەکانی دەرهێنەر دەخەمە سەرچاو تا کاتێک دژ بەمەرجەکانی من نەبێت. هەربۆیە من کاتێک دەمەوێ کلیپێک دروست بکەم بە وردبینییێکی تایبەتەوە دەرهێنەر هەڵدەبژێرم و سەرنج دەدەم کەسێک بێت کە هەست و ڕۆحیاتمان لەگەڵ یەکتردا هاوئاهەنگ و ڕێک بێت و پرۆسەی ئیشەکە بە حورمەت بە زەوق و تواناییەکانی هەردوولاوە بەڕێوە بچێت.

## پرۆ فایل

**ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بوو. کەژاڵ، ساڵی ١٩٩٨ رووی لە هەندەران کردو هەنووکە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. کەژاڵ ئادەمی لە پاڵ مۆسیقادا خەریکی نووسینی هۆنراوەیشە. کەژاڵ بۆ خۆی دەڵێ شیعر نزیکترین هاوڕێمە کە هەموو سکاڵا و دەردەدڵێکی لە لا ئەکەم. شیعرەکانی کەژاڵ لە زمانی خۆیەوە وەك ئافرەتێك نووسراوە و گوێگر بە بیستنی گۆرانیەکانی کەژاڵ بە باشی تێئەگات کە ئەو هۆنراوە لە لایەن ئافرەتێکەوە هۆنراوەتەوە و ئەوین، ئازار، هاوار و ئاواتی ژنێك تێیاندا خۆ ئەنوێنێ و ڕەنگی داوەتەوە.**

**کاتێ کە مامۆستا عەلی شەکووری کە هەر لە سەرەتای کاری هونەری کەژاڵەوە مامۆستا،هاندەر و یارمەتیدەری بوە، تێگەیشت کەژاڵ دەنگێکی بە سۆزی هەیە پێشنیاری پێکرد کە شیعرەکانی خۆی ئاوێتەی مۆسیقا بکات و بە شێوەی بەرهەمێك ئامادەیان بکات.**

**بەرهەمی (جوانترین وشە) یەکەمین بەرهەمی هونەری کەژاڵە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دەرچووە و لە ٦ گۆرانی پێك هاتووە و مامۆستا عەلی شەکووری دانەری ئاوازەکانەوە و کەژاڵ بۆ خۆی شیعرەکانی هۆنیوەتەوە.**

# نانسی
# بە رووسی گۆرانی دەچڕێت

نانسی عەجرەم خانمە هونەرمەندی لوبنانی بەوە ناسراوە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی و تا ئێستا جگە لە گۆرانییە نوێیەکانی چەندین گۆرانی کۆنی هونەرمەندە کۆچکردووە عەرەبەکانی بەشێوازێکی نوێ و سەردەمیانە نوێ کردۆتەوە کە جەماوەری لە تەمەنە جیاجیاکان بۆ خۆی پەیدا کردووە بەتایبەتی گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم.

بەم دواییە و سەرەڕای بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناهەمواری میسر، نانسی عەجرەم لە شەرم ئەلشێخ کۆنسێرتێکی گەورەی گۆرانی ساز کرد، ئەوەی جێگای سەرنج بوو و جیاواز لە کۆنسێرتەکانی دیکە جەماوەری ئامادەی کۆنسێرتەکەدا تەنیا میسری و عەرەب نەبوون، بەڵکو لە رەگەزە جیاجیاکانیش تێدا بوون، ئەوەی زیاتر سەرنجی نانسیی راکێشا بوونی ژمارەیەکی زۆری رووسەکان بوو لە کۆنسێرتەکە کە لەگەڵ نانسی گۆرانییەکانیان دەوتەوە ئەمەش بۆ نانسی وەك سوپرایزێك بوو کە بەم شێوەیە گۆرانیی عەرەبی بڵێنەوە، ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشی نانسی بە سەرکەوتنی هەڵمەتەکەی بۆ زیندوو کردنەوەی گەشتیاری لە میسر.

نانسی بۆ رازیکردنی رووسەکان گۆرانییەکی بە زمانی رووسی گوت کە پێشتر ئامادەکاری بۆ نەکردبوو، ئەمەش جەماوەرەکەی زیاتر دڵخۆش کرد، شایەنی گوتنە گۆرانی (الدنیا حلوە)ی نانسی دۆبلاژکراوەتە سەر زمانی هیندی و کچە گۆرانیبێژێك وتوویەتی لە ریکلامێکی جیهانیدا ئەمەش بووەتە زیاتر ناساندنی نانسی لەسەر ئاستی جیهان.



# کابور هەموو شتێک قوربانی هاوسەرەکەی دەکات

لــە لێدوانێکدادەربــارەی رەتکردنــەوەی رۆڵی لــە فیلمی Dil Dhadakne Do کارینا کاپۆر جەماوەری تووشـــی شۆك کرد و وەڵامەکەی بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە کارینا کاپۆر بەوە ناسراوە کە هونەر و خۆشەویستیی بۆ هونەر لە سەرووی هەموو شتێکەوە و هیچ کاتێك بێهونەر و سینەما ناژیت.

کارینـــا لە وڵامی پرســـیارەکەدا وتی: ئێســـتا ژیان گـــۆڕاوە بەتایبەتی دوای ئەوەی ژیانی هاوســـەریم پێکهێناوە لەگەڵ ســـەیف عەلی خان، بۆیە ئێستا بەر لە هەموو شتێك گرنگی بە ژیانی تایبەتی خـــۆم و خێزانەکـــەم دەدەم و ژیانی تایبەتی خۆم بـــە پلەی یەکەم دێـــت ئینجا بیر لە هونەر و ســـینەما دەکەمەوە، ســـەبارەت بـــە رەتکردنـــەوەی فیلمەکە وتی: بۆ بەشـــداری کردن لەم فیلمە پێویستە ٣ مانـــگ لـــە دەرەوەی وڵات بـــم و نەگەڕێمـــەوە منیش بە هیچ شـــێوەیەك ئامـــادە نیم ئـــەم کارە بکەم بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستامدا.

کارینا زیاتر وتی: ئەم بارودۆخە وای لێکردووم بە دوای فیلمێکدا بگەڕێم کە وەك کارێکی رۆژانەی هەر فەرمانبەرێك بەشـــداری تێدا بکەم بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەرکی خێزانی وماڵەوەم هەبێت، چونکە من ئامادە نیم بە هیچ شێوەیەك ئەرکەکانی خۆم بەرامبەر بە خێزانەکەم بکەمە قوربانی هیچ شتێك تەنانەت هونەر و سینەماش.

پێویســـتە بوترێت دوای ئەوەی کارینـــا رۆڵەکەی رەت کردەوە ئێســـتا ئەنۆشکا شـــارما دیاریکراوە بۆ بینینی رۆڵی سەرەکی لە فیلمەکە شـــان بە شانی هەر یەکە لە برینکا شۆبرا و فەرحان ئەختار و ئەنیل کابور.

# کریستینا بەبۆنەی کوڕەکەی تەقاندییەوە



وەك زۆربەی هەرەزۆری ئەستێرەکانی هۆڵیۆد ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی کریستینا ئەگویلیرا بەشێوەیەکی سەیر و جیاواز هەستی خۆی بەبۆنـــەی دووگیانییەوە خۆی دەربڕی بە بڵاو کردنەوەی چەند وێنەیەکی وروژێنەر و رووت.


هەرچەندە دووگیانیی کریســـتینا گەیشتووەتە قۆناغێکی کۆتایی، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو کە کریســـتینا چەند وێنەیەکی رووت لەسەر بەرگی گۆڤاری (V) بڵاو بکاتەوە، کریسیتینا لـــە هەندێك وێنەدا مشـــتومڕێکی زۆری نایەوە لە هەندێکی دیکەشـــدا بە قژەکەی چەند بەشـــێکی هەستیاری لەشـــی خۆی شاردۆتەوە، بەڵام لە هەندێکی دیکەدا کراسێکی سپیی تەنکی لەبەر کردبوو.

بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری ناوبراودا دەڵێ: من زۆر شانازی بە لەشی خۆمەوە دەکەم و زۆریش خۆشحاڵم کە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەندا وێنەی خۆم دەگرم.

کریســـتینا پێشتر ژیانی هاوســـەریی لەگەڵ جۆردان براتمـــان پێکهێنا بوو کە شـــەش ســـاڵی خایاند و منداڵێکیشیان هەبوو.

شایەنی وتنە زۆربەی ئەســـتێرەکانی هۆڵیۆد پێش کریسیتینا کەوتن لە نەریتی بڵاوکردنەوەی وێنەی نیمچـــە رووت و وروژێنەری دووگیانیی لەسەر بەرگی گۆڤارەکان وەك دیمی مۆر، بریتنی سپێرز، جیسیکا سیمپسۆن و ماریا کاری.





# سینەما و کورد و کاربەدەستان



فەرزین کەریم

راستە! فیلمێکی کوردی سەد ساڵ پێش ئێستا لە لایەن حەمو بەگی نەزەریان، لە ناو سنووری سیاسیی سوڤیەتی پێشوو دروست کرا و دواتریش ئەم دەرهێنەرە چەند کارێکی دیکەی لە سەر کورد ئەنجامدا.

راستە! ساڵی ١٩٨٣دا یەلماز گۆنای بە فیلمی (رێگا) بەشداری لە میهرەجانی (کان) کرد، تا رێگاکان بەرەو (کان) و میهرەجانە گرنگەکانی جیهان بۆ دەرهێنەرە کوردەکان خۆش بکرێت.

راستە! لە سەدەی رابردوودا لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان لە ژێر ئاڵای رژێمە داگیرکەرەکاندا، سینەماکارانی کورد سینەمایان کردووەتە ئەو چرایە جادووییەی خواستی گەلەکەیان بێنێتەدی.

بەڵێ! ئەمانە راستن، (بەڵام) هەموویان هەوڵی تاکە کەسین کە دوور بوون لە پلان و بەرنامەی درێژخایەنی داڕێژراو.

بەڵام لەم سەردەمەدا، سینەما پتر لەوەی هونەرو بازرگانی بێت، ئامرازی پروپاگەندەی سیاسییانەیە. هەنووکە، سینەمای (هونەری - مرۆڤایەتی)، مۆرکی ناسیۆنالیستیانەی وەرگرتووە و، بووەتە هۆکاری گواستنەوەی کلتوور و، گواستنەوەی هەستی نەتەوایەتی، تا رادەی چەسپاندنی.

جێی دڵخۆشییە لە سەرەتای ساڵی دووهەزارەوە، گۆڕانێکی گەورە لە رەوتی بەرهەمهێنان و روانین بۆ سینەما لە لایەن کورد و ئەم پارچەی کوردستان بە تایبەتی هاتە ئاراوە. کەسانی خەمخۆر لەپاڵ حکومەتی هەرێم، سینەمایان کردە ئامرازی گواستنەوەی خواست و خەونە مەزنەکانی گەلە خێر لەخۆ نەدیتووەکەیان. لەکاتێکدا دەیان کێشەی گەورەی خزمەتگوزاری لە ئارادابوون، بوێرانە یارمەتی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییاندا. هەرچەندیشە، ئەم یارمەتیدانە گازندەی ناوخۆیی زۆریشی لێدەکەوتەوە، چونکە ناسینی سینەما پێویستی بە رۆشنبیرییەکی گشتیی بەرفراوان هەبوو کە بەداخەوە تەنانەت بەشێکی زۆری نوخبەو بەربژێرەکانیشمان لێی بێبەش بوون. دیسانیش، ئەم خەمخۆرانە کۆڵیان نەدا و، پاڵپشتی خۆیان دەردەبڕی. بەمەش، ئەو رێگایەی کە تەنانەت دەوڵەتە خاوەن کیان و خاوەن سەرمایەی زەبەلاحەکانیش بە سەد ساڵ نەیانتوانیبوو بیبڕن، ئێمەی بێ دەوڵەت کە بە هەموو شێوەیەك کلتورو هزرو رابردوو داهاتوویان شێواندین، بە چەند ساڵ رێگەیەمان بڕی.

فیلمەکانمان بەشداریان لە ڤیستیڤاڵگەلێکی جیهانی کرد کە بەشداریش تێیدا سەروەرییەکی نەتەوەیی گەورەی لە چەشنی مۆندیالی تۆپی پێیە و، دەوڵەتەکان ئامادەنە لە پێناوی خۆ دیتنەوە تێیدا هەموو جۆرە مانۆڕو تاکتیکێکی ئابووری و سیاسییانە ئەنجام بدەن. بەڵام ئێمە توانیمان بە پاڵپشتییەکی ساکارانە، تەنیا بە پشتگەرمی خەون بینین و، هەوڵی ماندوو نەناسانە و پێشمەرگەئاسانە، بە خێرایی پێلیکانەکان بەرەو سەرکەوتن ببڕین، تاکو جیهان خەونەکانمان ببینێت.

سەرکردە سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی نیشتمانە پارچە کراوەکەم! ئەم بەشدارییانە وایکرد تا لە سایتی تایبەت بە (کان)، لە کاتی ناردنی فیلم، بتوانی زمان (کوردی) هەڵبژێری و، بۆ نەتەوەش (کورد)، ئەمەش شاکاری نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە کە زۆر لە خاوەن دەوڵەتەکانیش خەونی پێدەبینن. لە ٢٠٠٧تا ٢٠٠٩دا، کوردی بێ دەوڵەت چوار فیلمی لە بۆرسەی فستیڤاڵە بەناو بانگەکاندا هەبوو، نەتەوەکانی خاوەن چەند دەوڵەتیش ئەوەیان پێنەکرا. لە زۆر فستیڤاڵی ناودار، حەفتە و بەشی سینەمای کوردی دانرا.

راستە! دڵمان بەم سەرکەوتنانە خۆشە. هەنووکە سێ بەرێوەبەرایەتیی سینەما لە سێ پارێزگای هەرێمەکەمان هەیە. شانازیە! دەیان گەنج لە ناو پیشەی سینەمادا پەروەردە بوونە. ئاسوودەشین بەشی سینەما لە زانکۆدا هەیە و، کۆمپانیای کەرتی تایبەتیش لەدایکبوون. وێڕای ئەوەی تێگەیشتن لە هەمبەر سینەما لە کوردستاندا هێندە لە دواوەیە کە بارودۆخەکەی بۆ سینەماکارانمان چەند قات دژوارتر کردووە.

ئەمە راستییە! هەندێك بە ناو هونەرمەند، هەلەیان قۆستەوە کە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە خزمەت خۆیاندا بێت!. بەڵام ئەگەر سیستەمێکی توکمە هەبووایە، سینەما لەوەش پتر هەنگاوی دەهاوێشت. ئەو کات لە پاڵ بەرهەمهێنان، سینەما بە ئەرکی پەروەردەکردنی ناوخۆیش هەڵدەستا. بەڵام نەبوونی یاسا، وایکرد دەگمەن کەس هەبێت هەست بە غەدر نەکات. هەرچەندە هەوڵی پچڕ لە ئارادا بووە، بەڵام یاسا بۆ سینەما پێویستی بە پشوودرێژی هەیە. چونکە ئێستا، سینەمایە کە مرۆڤ پەروەردە دەکات. سینەماش پلان و بەرنامەو یاسا و ستراتیژی پێویستە.

سینەما خۆی وەزارەتێکە، کاری هەرەوەزیی سەدان کەسی گەرەکە. سینەما بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، وەکو دەزگا ئەمنییەکان سەدان کەسی پێویستە. مرۆڤ پەروەردە دەکات و سەدان پەروەردەکاری گەرەکە. مێژوو ئەدەبیات و هونەرو سیاسەت و پیشەسازییە. چیرۆك و رۆمان و مێژو و فەلسەفەو زانستەکان و دراماو شانۆ و سەرمایە و پلان و پاڵپشتی و بازارو راگەیاندنە. رەنگ و دەنگ و رۆیا و تەکنۆلۆژیا و سەدان مژار و پسپۆرییە، بۆیەشە بە دوو سێ کەس بەڕێوە ناچێت.

سینەما واتە پیرۆزی و سەروەری، کۆی خەونەکانی رابردوو ئێستا و ئایندەی گەلێکە کە چەند ساڵێکە لە ژێر ئالایەکەی خۆی، دەرفەتی بۆ رەخساوە وەکو زۆربەی گەلان، بە مەبەستی دەربڕین لە ناخی، سینەما لە باوەش بگرێت. بۆیەشە بەرپرسیارییەتێکی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی ئێوەی کاربەدەست و بەربژێرەکانی هەرێمەکەم...

## زامــبیا:

# پاڵپشتی ماددی ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی هونەر و هونەرمەندان

**ســـەرەتا وەك حەز دەستی بە کاری هونەری کرد بە هۆی ئەوەی بەهرەی هونەری و دەنگخۆشـــی تێدا بەدی دەکرا، دواتر بەردەوام بوو بە پاڵپشـــتی خانەوادەکەی، لە ســـاڵی ١٩٩٨ یەکـــەم بەرهەمی بە ناوی (دوا نیگا) بڵاو کردەوە و ئێســـتا خاوەنی زیاتر لە ١٠ گۆرانی سینگڵ و سیدییەکە بـــە ناوی (خەمی من) کە لە ســـاڵی ٢٠٠٧ بڵاوکرایەوە، لە دیمانەیەکدا بەم شـــێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دەربارەی نوێترین کاری هونەریت ئێستا خەریکی چی نوێی؟**

-نوێترین کاری هونەریم گۆرانییەکی ســـینگڵە بەناوی (درۆ)، ئەم گۆرانییە نوێیەم لە هۆنراوەی دەرباز جەمال و دابەشکردنی میوزیکی لەلایەن شـــیاو کەمال و لە ســـتۆدیۆی سۆڵو لە شاری هەولێر کاری تۆمار کردنی دەنگ و ماســـترینگی بۆ کـــراوەو کۆمپانیای خاوێ فیلـــم کاری کلیپ کردنەکەی ئەنجامداوەو لەلایەن وێنەگری بەتوانا خەیبە رەفیق وێنە گیراوەو گۆران سەڵاح-یش کاری مۆنتاژکردنی بۆ کردوەو ڕێکەوت نامیق بەڕێوەبەری بەرهەم و هێڤار هێرش وەك نواندن بەشداری لەم کلیپەدا کردەوە.

لێرەشەوە دەمەوێت سوپاســـی خۆم ئاراستەی (کورد ڤیژن) بکەم کە سپۆســـەری ئەم کارەی منیان کردو هیـــوادرام نموونەیان زۆربێت و ڕێزی بێپایانیشم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارم بوون لەبەرهەم هێنانی ئەم کلیپەدا.

*** دەمێك بوو زۆر دەوترا بوونی ئافرەت وەکو پێویست نییە لە بواری هونەری، ئێســـتا کە ژمارەی ئافرەتانی هونەرمەند زۆرە ئایا بوونەتە مایەی ئەوەی شانازییان پێوە بکەین؟**

- راســـتە ئێســـتا ئافرەتی زۆر لە بواری هونەریـــدا بوونیان هەیە و پێویســـتە پشـــتگیری تەواویان بکرێت، چونکە کارەکانیان جێگای شـــانازین و لە ئاســـتێکی بەرزی هونەریدا ئەنجامدراوە، کارەکان بە گشتی باشن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەموو کارێك هەر باش نابێت و کاری خراپیش هەیە.

*** زۆر جار گۆرانی ڕەنگدانەوەی هەست و ناخی هونەرمەندە تۆ وەك زامبیا هیچ لە گۆرانییەکانت ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی خۆتن؟**

- بە دڵنیاییەوە هەندێك لە گۆرانییەکانم ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی خۆمـــن، لە هەمان کاتـــدا هەندێك لە گۆرانییەکانـــم ڕەنگدانەوەی دەوروبەری خۆمن.

*** ئایا کەرتـــی تایبەت دەبێتە هۆکارێك بۆ پێشخســـتنی هونەری کوردی؟**

- هونەرمەند پێویســـتی بە هاوکارییە بۆ پێشخســـتنی هونەرەکەی، بۆیە هەموو هاوکارییەك چ لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بێت یان لەلایەن حکومەتەوە بێت بـــە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی پێشخســـتنی هونەری کوردی.

*** لە کوردســـتان هونەرمەند ناتوانێت لە ڕێـــگای هونەرەوە بژێوی ژیانـــی پەیدا بکات، چـــون دەتوانین هونەر بـــە بازرگانی بکەین و هونەرمەند بە هونەرەکەی بژێیت؟**

- هەر کاتێك کۆمەڵگا وەك پێویست ڕێزی هونەر و هونەرمەندەکانی خۆی لە لا بوو، و بە بەشێك لە شارستانیەتی خۆی زانی و هەستی بە هونەرمەند بوونی هونەرمەند کـــرد ئەو کات هونەرمەند دەتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت.

*** ئەی هۆکاری دوورکەوتنەکەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ماددی، لە بەر ئەوەی لە ئێســـتادا کە هونەرمەند بیەوێت کارێکی جوان و باش پێشـــکەش بکات دەبێت لەلایـــەن کەناڵێك یان کۆمپانیایەکەوە پاڵپشـــتیەکی بەهێزی ماددی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێـــت کارێکی جوان ئەنجامبدات، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینیـــن لەم وڵاتەدا ئەوەیە کە کەمترین خزمەت بەهونەرو هونەرمەندان دەکرێت و ئەمەش جێگای نیگەرانی ئێمەی هونەرمەندە، بۆیە لێـــرەوە دەمەوێت بڵێم کە هیوادارم لەمـــەو دوا چ حکومەت و چ دەزگاکانی ڕاگەیانـــدن هەوڵبدەن هاوکاری هونەرمەندان بکەن بۆ ئـــەوەی چیتر لەکاری هونەری دانەبڕێن و هەمیشـــە بەرهەمی تازە و ســـێدی نوێ بڵاو بکەنەوە، وەك خۆشـــم هیوادارم لەمەو دواو بۆ هەمیشـــە کاری جوان و بەرهەمی باش پێشکەش بە بینەرانی بەڕێز بکـــەم و بتوانم لە ئاســـت داواو داخوازیەکانی ئەواندا بم.

*** بۆ ئافرەتی هونەرمەند مەرجی ســـەرکەوتن چییە لە کاری هونەریدا؟**

- بـــۆ هونەرمەنـــدی ئافـــرەت و پیاویـــش چەند مەرجێکی سەرەکی هەیە پێویستە رەچاو بکرێن لە کاری هونەریدا لەوانە: بەهرەی هونەری پێویســـتە لەو کەسەدا هەبێت کە خۆی بە هونەرمەند بزانێت، ڕاستگۆ بێت لەگەڵ هونەرەکەی و بە دڵسۆزییەوە کاری بۆ بـــکات نەك هونەر تەنیا بۆ بازرگانی بێت یان بۆ خۆ دەرخســـتن یان هەر هۆکارێکی دیکەی تایبەت بێت.

*** گەورەترین ئاســـتەنگی بەردەمت چی بوو کاتێك بۆ یەکەمجـــار بڕیارتدا ڕوو لە کاری هونەر بکەی؟**

- خۆشـــبەختانە مـــن هیچ ئاســـتەنگێکم نەهاتووەتە ڕێ بـــۆ ئەوەی بێمە نێو دنیای هونـــەرەوە، چونکە من لە خێزانێکی هونەری گەورە بووم، دوو برام موزیکژەنن ئەمەش وایکردووە هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە بە هونەر ئاشنا بم.

